ئایا کورد نەتەوەیە یان ئیتنیک؟

عەبدولڕەزاق مەهدی

بە گشتی کورد بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی کەونار، کە وەک گرووپ خاوەنداریەتی یەکەمین شارستانییەت و یەکەمین ئیمپراتۆری دەکات، کە لە هەردووک دەوڵەت و شارستانییەتی "سۆمەر-میدییەکان" ئەم خاوەندارییەتە چەسپاوە.

کورد گرووپێکی کەونارە، کە چەندان سەردەم و قۆناغی زۆر جیاوازی بەڕێ کردووە، بۆیەش ئەم گرووپە بە فرەیی لە شێوەزار و بڵاوبوونەوەی زۆر فراوانی ڕەگەزەکانی پێکهێنەری ئەم گرووپەوە دەناسرێت.

ئەمە وەک پێشەکییەکی سادە لەسەر کورد، وەک مێژوو و مرۆڤی کورد لەناو مێژوودا. بە گشتی بە هاتنی سەدە نوێیەکان، دروستبوونی سیستەمی "وێستفالیا" ئیتر گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسەر جیهان و ژیانی نەتەوەکاندا هات. چەمکی سەروەریی وەک زاڵکردنی نەتەوەیەک لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا، لە پێناو سەروەرکردنی ئەم نەتەوەیە بەسەر خاک و خەڵک و کولتوورێکی دیاریکراودا چەسپا، هەتا ئەمەی کە کۆمەڵێک لە نەتەوە و کولتوور و خەڵک بوونیان هەبێت، هەوڵ دەدرا هەموویان بتوێنرێنەوە لە چوارچێوەی سەروەریی و ئایدیۆلۆجیای باڵا کە دەوڵەتی سەروەر و سەردەستە خاوەنداریەتی دەکرد. ئەم ڕۆڵە پەیوەست بوو بە

نەتەوەی سەر دەست، ئیتر ئەو دەوڵەتە کۆنترۆڵی کۆی پانتایی ئەم خاکە سەروەرە بە خەڵک و کولتوورەکانی ناوییەوە دەکرد.

بەم جۆرە نەتەوەکان بە شێوازی جیاواز لەدایکبوون/دروستبوون، کە خاوەنداریەتی خاک و کولتوور و زمان و ڕەگەزێکی دیاریکراو دەبوونە بناغە بۆ ناسینەوەی نەتەوەکان. بە گشتی نەتەوە بە ناسیۆنالیزمێکی تەواو پێتەو گرێ دەدرا، کە ناسیۆنالیزم لە یەکەمین ئاستدا و لە جەوهەردا پرۆژەی "دەوڵەتخوازییە"، واتە بێ بوونی پرۆژەی دەوڵەتخوازی شتێک نییە بەناوی ناسیۆنالیزم.

کۆی ئەمەی سەرەوە وروژاندنی گریمانەی ئێمە بوو سەبارەت بەو پرسەی کە ئێستا بە قووڵی باسی دەکەین، لێرەدا گرینگە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ناسینی ئیتنیک و نەتەوە لە ئاست و شێوە جیاوازەکانی خۆیاندا.

دەتوانین بڵێین ئیتنیک کۆمەڵەیەکی ڕەگەزیی و مێژوویی و زمانییە، کە پێکەوە پەیوەستن بە ئاستە سەرەتاییەکانیان، بە گشتی ئیتنیک یان عەقڵیەتی ئیتنیکی زۆر جیاوازە لە عەقڵیەتی نەتەوەیی، ئیتنیک عاقڵانە بیر ناکاتەوە بۆیە سیاسەت وەک زانست لای ئیتنیک بەرهەمدار نییە. ئیتنیک زیاتر پەیوەستە بە هەست و سۆزەوە، ئیتنیک دەست نابات بۆ سازکردنی ناسنامە بۆ پێناسەکردنی خود، ئیتنیک لە زۆربەی دۆخەکاندا لە ئەوی تری زاڵدا دەتوێتەوە، بۆیە ئیتنیک ناتوانێت دەوڵەت دروست بکات لە چوارچێوەی ئەم عەقڵیەتەدا، ناتوانێت ببێتە نەتەوە تا سیاسەت بکات.

ئیتنۆسـێنتریزم، دیـاردەیەکی سروشـتییە و لە ئەنجـامی پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ لەنێـوان کۆمەڵگەکانـدا دروسـت دەبێـت، ئادەمیزادەکـان زیـاتر مەیلیـان بەلای ئەوەدایە، فرەچەشـنیی وەک جۆرێـک وەحشـییەت گەڕی ببیـنن، ئەمە بیـروڕای "کلـۆد لێڤـی شـتراوس"ـە. بەڵام ئەگەر زیـاتر قـووڵ ببیـنەوە لە ئیتنیـک و پێناسـەکانی، دەتـوانین بڵـێین ئیتنیـک بە کـۆمەڵە ڕێگـای جۆراوجـۆر پـێکەوە گـرێ دراون، زۆر جـار ئەم پـێکەوە بـوونە دەکرێـت بە فـاکتەری مێـژووی یـان زمـان و ڕەگەز بێـت یـان فـاکتەری هاوخاکی بێت.

بە گشـتی لە ناسـنامەی ئیتنیکیـدا شـتەکان جیـاوازن، ناسـنامەی ئیتنیکـی کاتێـک دەبێـتە بنـاغە بـۆ سیاسـەتکردن، کـۆمەڵە بەرەنجـامی سـەرەتایی دەبینـرێن، لەوانە: یەکەمیـان، پـارچە پـارچە بـوونی کۆمەڵایەتی، دووەمیـان، دابڕانـی عەقڵـدنی لە چوارچێـوەی سیاسـەتکردن و نەبـوونی سیاسـەتێکی گشـتی لەسـەر ئاسـتی ئیتنیکـی کە لەوانەیە هەر گونـدێک و سیاسـەتێک و یاسـا و دەسـتوورێکی هەبێـت. نمـوونە سـەدەی شـازدە و حەڤـدە و هەژدەی ئەڵمانیـا تـا دروسـتبوونی یەکگرتـووی نەتەوەی لە ئەڵمانیـا. سـێیەمیان، نەبـوونی ناسـیۆنالیزم کە ناسـیۆنالیزم لە خۆیـدا پـرۆژەی دەوڵەتـداریی و یەکگرتـوویییە. کەواتە بە سـادەیی کاتێـک گەلێـک لە چوارچێـوەی ئیتنیکـدا دەمێنێـتەوە، ئەم گەلە دەبێـت بە خـاوەنی پارچەپـارچەبوونێکی قـووڵ لە کـۆمەڵگەدا، کە دابڕانـی بەهێـز هەیە لە ئاسـتی سیاسـی و ئـابووری کولتـووری لە نێـوان تاکەکـانی هەمـان ئیتنیـک. بە هەمـان شـێوە سیاسـەتێکی گشـتگیر و باڵای ئیتنیکـی بـوونی نیـیە کە

خـاوەن دامەزراوەی عەقڵانی بێـت، تـا سیاسـەتێکی عەقڵانی پەیـڕەو بکـات، چـونکە ئیتنیـک زیـاتر پەیوەسـتە بە هەسـت و سـۆزە و کەمتـر خـۆی بە لای عەقڵانییەتـدا دەشکێنێتەوە.

ئەگەر ئێستا بـۆ پێناسـەکردنی نەتەوە و ناسـیۆنالیزم هەنگـاو بهـاوێژین، دەتـوانین بڵـێین نەتەوە (nation) بەو مانـایەی کە ئەوروپییەکـان بە کـاری دەهێـنن وەک "یەکێتیـی سیاسـی" نەک زاراوەیەکـی ئیتنیکـی، شـتێکی نـوێیە و بەرهەمـی ڕۆژئـاوایە. ئێسـتا ئەگەر پێناسـەی نەتەوە بکەیـن، مـحەمەد موبـارەک دەڵێـت "نەتەوە بـریتییە لە یەکەیەکـی کۆمەڵـایەتی، کە لە زمـان و مێـژوو، کولتـوور و بیروبـاوەڕ و نەریـت و ئەخلاقـدا هاوبەشـن، سروشـتییە ئەگەر ئەو نەتەوەیە قەوارەیەکـی سیاسـی یـان دەوڵەتێکـی تـایبەت بە خۆیـان پێـک بهێنـن". لە لایەکی تـرەوە شـپنگلەر بە شـێوازێکی جیـاواز پێناسـەی نەتەوە دەکـات و دەڵێـت "نەتەوەکـان بریتـی نـین لە یەکێتیـی زمـان، یەکەی سیاسـی یـان بـایۆلۆجی، بەڵکـوو یەکەی ڕۆحـین". بەهەمـان شـێوە، ئێرنیسـت ڕێنـان، مێژوونووسـی گەورەی فەرەنسـی، دەڵێـت "نەتەوە ڕۆح یـان پرەنسـیپێکی ڕۆحیـیە، دوو شـتیش، کە لە ڕاسـتیدا هەر یەکـێکن، کە بـریتین لە ڕابـردوو و ئێسـتای ئەو ڕۆحە، یان ئەو پرەنسیپە ڕۆحییە پێک دەهێنن."

گرنگتـرین ڕوانـگە و پێناسـەی نەتەوە لای "میرۆسـلاف هـرۆک" دەبینـین کە دەڵێـت "نەتەوە بـریتییە لە گرووپێکـی کۆمەڵـایەتی گەورە و تەنیـا بە هـۆی پەیوەنـدی بـابەتییەوە تـێکەڵ بە یەکتـری نەبـوون، بەڵکـوو بە هـۆی چەنـدین پەیوەنـدی هەمە

جۆری وەک ئابووری، سیاسی، ئایینی، کولتووری، زمانەوانی، جوگرافی و مێژوویی، ڕەنگدانەوەی خودی یانەی ئەم پەیوەندییانە لە هەست و هۆشیارییەکی بەکۆمەڵدا پێکهاتووە". هەروەها بەلای "هرۆک"ەوە سێ هۆکاری گرینگ و نەگۆڕ کاریگەرن لەسەر دروستبوونی نەتەوە. یەکەم، یادەوەرییەکانی ڕابردوو. دووەم، پەیوەندی زمانەوانیی و کولتوورییان لە یەکدی نزیکە کە پلەیەکی باڵاتر بە توانای لە یەک گەیشتنی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت لە گرووپەکەدا. سێیەم، چەمکی یەکسانی نێوان ئەندامانی ئەو گرووپەیە کە وەک کۆمەڵگایەکی مەدەنی ڕێکخراون.

ئێستا ئەگەر بە تێگەیشتن و ڕوانگەی جۆن مێرشایمەر، سەیری پرسی نەتەوە بکەین، دەبینین کە نەتەوە لە ڕوانگەی مێرشایمەر شەش تایبەتمەندی سەرەکی هەیە، دەکرێت بەم جۆرە دەستی پێ بکەین. یەکەم، هەستی یەکبوون، واتە کۆمەڵگایەکی گەورەی مرۆڤەکان کە هەستێکی بەهێزی یەکبوونیان هەیە. دووەم، کولتوورێکی جیاواز، کە نەتەوەکان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە بە بوونی کولتووری جیاواز. سێیەم، هەستی باڵایی، بێ گوێ دانە ئەوەی نەتەوە و گەلانی تر چی دەکەن، مرۆڤەکان شانازی بە نەتەوەی خۆیانەوە دەکەن. چوارەم، مێژوویەکی قووڵ، مێژوو گرنگترین بابەتە بەلای هەموو نەتەوەکانەوە، بۆ ئەوەی شکۆداری خۆیان بەسەر ئەوانی تر زاڵ بکەن. پێنجەم، سنوورێکی پیرۆز، نەتەوەکان هەموویان خۆیان لەگەڵ جوگرافیایەکی تایبەتدا دەناسێنن، کە وەک خاکی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵ

دەکەن. شەشــەم، ســەروەریی، لە کۆتایــدا، نەتەوەکــان ئامانجیــان ئەوەیە کە زۆرتــرین جڵەویان هەبێت بەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیاندا.

لـەدی میرشــامیەر، نەتەوەکــان لەبەر دوو هۆکــار پێویســتیان بە دەوڵەتە، یەکەمیــان چــارەی خــۆ نووســینە، نەتەوەکــان وەک هەر گرووپێکــی کۆمەڵـەیەتیی گەورە پێیــان باشــە کاروبــاری خۆیــان بەڕێــوە بــبەن و تــا بتــوانن چارەنووســی خۆیــان دیــاری بــکەن. هۆکــاری دووەم، نەتەوەکــان دەوڵەتــی خۆیــان دەوێــت چــونکە ئەمە باشــترین ڕێگــایە بــۆ ئەوەی ئاسۆی مانەوەیان فراوانترین بێت.

لە پەیوەنــد بە ناســیونالیزم، هــانز کــوهن لە پەرتــووکی بیــرۆکەی ناســیونالیزم (The Idea of Nationalism)دەڵێــت "ناســیۆنالیزم حــاڵەتێکی عەقڵــی و هەســتێکی پێویســتی تاکەکــانی کــۆمەڵە لە پیشــاندانی پشــتگیری و خۆشەویســتییەکی ڕەهــا بــۆ دەوڵەتــی نەتەوەیــی". ســاتیع حوســەری دەڵێــت "بەهــۆی کــاریگەریی ناســیۆنالیزمە مــرۆڤ نەتەوەکەی خــۆش دەوێــت، هەســت دەکــات لە نــاخەوە پــێ وەی پەیوەســتە و خــۆی وەکــوو ئەنــدامێکی ئەو نەتەوەیە دەبینێــت، بە ســەروەرییەکانی دڵخــۆش و بە ناخۆشــییەکانی دڵتەنــگ دەبێــت، ئامادەییشــی تێــدایە بــۆ بەرگریکــردن لە کەرامەت و قەوارەکەی". لە فەرهەنگــی ئۆکســفۆردی ئینگلیــزی هــاتووە "ناســیۆنالیزم ویســت و ئــارەزووی گرووپێکــی مــرۆییە کە هاوبەشــن لە ڕەگەز، کولتــوور، زمــان... بــۆ پێکهێنــانی دەوڵەتــی ســەربەخۆ". ئێرنیســت گێڵــنەر دەڵێــت "نەتەوە بەرهەمــی ناســیۆنالیزمە، ناسیۆنالیزمیش بەرهەمی مۆدێرنەیە."

ئەگەر ئـێمە باسـی سیسـتەم و خێـڵ و عەقڵیەتـی خێـڵ بکەیـن بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن لە ئیتنیکگەرایــی، دەتــوانین بگەڕێیــنەوە بــۆ پێناســەکان. غەلیــون پێــی وایە "کۆمەڵگــای خێڵەکـی، جڤـاکێکی پارچەپـارچە بـووە، زۆرینەیەکـی نەگـۆڕی ڕاسـتەقینەی لـێ پێـک نـایەت. نەبـوونی زۆرینەیەکـی باڵادەسـت دەبێـتە هـۆی ئەوەی ئایـدیۆلۆجیای زۆریـنەش دروسـت نەبێـت و دەوڵەت نەتوانێـت دەسـەڵاتی ناوەنـدی خـۆی پیـادە بکـات". ئەگەر بـۆ ڕۆحـی مێـژووی میرنشـینەکان بگەڕێیـنەوە تـا ئەم پێناسـەکردنەی سـەرەوەی غەلیـون بە کورد ـەوە ببەسـتینەوە، دەگەڕێیـنەوە بـۆ لای نووسـەری دانیمـارکی ملئەمینـگ مادسـن پاوڵسـن، سـەبارەت بە کـورد دەڵێـت "کوردەکـان لە نێـو خۆیانـدا دابەش بووبـوونە سـەر زنجیـــرە خێڵێکـــی زۆر ســـەربەخۆ و جەنگـــاوەر. هەر یەکێـــک لەوان بە گـــوێرەی بەرژەوەنــدی خۆیــان پەیمانیــان دەبەســت لەگەڵ یەکتــر و دەرەوە، کوردەکــان هــیچ دەوڵەتێکیـــان پێـــک نەهێنـــا". جوناســـان ڕانـــدڵ لە پەرتـــووکەکەی "نەتەوەیەک لە پەرتەوازیـــدا" (امە فـــی شـــقاق) نووســـیویەتی بەم جـــۆرە "کـــوردان ڕۆژێـــک لە ڕۆژان لەسـەر ئاسـتی سیاسـی یەکیـان نەگرتـووە، ئەوان بەدەسـت پارچەپـارچەبوونی قـووڵی ڕێزەکانیـان دەنـاڵێنن". عەبـدوڵا مـحەمەد ئەلغەزامـی دەڵێـت "خێـڵ بە خـاکەوە وابەسـتە نەبووە، زەوی فراوانە و موڵکی کەس نییە، هەروەها زەوی گۆڕانی بەسەردا دێت."

کەواتە کـورد تـا سـەدەی بیسـت و نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەم بەپێـی مێـژوو لەژێـر کـاریگەری قـووڵی عەقڵیەتـی خێڵەکـی دابـووە، ئەمەش پیشـاندەری ئەو حەقـیقەتەیە کە ئـێمە لە کۆمەڵگـایەکی پـارچە پـارچەکراوی خێڵەکیـدا ژیانمـان کـردووە، کە هـیچ

سیاسـەتێکی عەقڵانی و دامەزراوەی گشـتگیری نەتەوەی تێیـدا بـوونی نەبـووە، بەڵکـوو ویسـت و بەرژەوەنـدی خێـڵ دیـاریکەری هەمـوو ئاراسـتە سیاسـی و کولتـووری و ئابوورییەکـانی تـاکی کـورد بـوونە. ئەگەر بـۆ ئێسـتا کە سـەدەی بیسـت و یەکە بگەڕێـنەوە، ئەم عەقڵیەتـی خێڵەکیـیە نەمـاوە یـان زۆر سـنووردار و کەم بـوویتەوە، بەڵام ئەمە وایـی نەکـردووە کە کـورد ببێـتە خـاوەن ناسـیۆنالیزم و نەتەوەییبـوونی مـۆدێرن، بەڵکـوو هێشـتاش لە کۆمەڵگـای کـوردی دابەشـبوونی قـووڵی حیزبـی و کولتـووری و زمـانی و خێڵەکـی بوونیـان هەیە، کە کـاریگەرن بەسـەر پانتـایی سیاسـەت ئـابووری لە کوردسـتان، هێشـتا پـارچە پـارچە بـوونی قـووڵ هەیە لە کوردسـتان، هێشـتا دامەزراوەی نەتەوەیـی گشـتگیر و باڵادەسـت دروست نەبـوونە ئەمە جیـا لە سـازبوونی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و کیـانی دیفـاکتۆی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، کە هەردووکیان لە ناوخۆیان دا دابەشبوون و قەیرانی زۆر قووڵیان هەڵگرتووە.

بە کـۆکردنەوەی هەمـوو ئەم باسـە تیۆرییـانەی سـەرەوە ئـێمە دەتـوانین بڵـێین کـورد نەتەوە نەبـووە، بەڵکـوو کـورد گرووپێکـی ئێتنیـیە کە خـاوەن عەقڵیەتـی خێڵەکـی بـووە لە قۆنـاغێکی دیـاریکراوی مێـژوودا و ئێسـتا خـاوەن عەقڵیەتێکـی ئێتنیکـی گەشەسـەندووترە. لە گەشـەکردنی عەقڵـی سیاسـی خـۆی، پێشـتر توانیـویەتی کە میرنشـین سـاز بکـات و گەشـە بکـات، تـا لە قۆناغەکـانی دواتـر گەشـەی کـرد و تـوانی دەسـت بە دروسـتکردنی پـارتی سیاسـی بکـات. لە گەشەسـەندنی مێـژووی خۆیـدا لە دوا قۆناغـدا کـورد تـوانی ببێـتە خـاوەن حکـومەت دەسـت بکـات بە حوکمـداری دەسـتووری

و سیاسـی مـۆدێرن، بەڵام هەمـوو ئەو کـاتە کـورد نەبـوو بە نەتەوە تـا خاوەنـدارییەتی یەک کولتـوور و زمـان و مێـژوو و خـاکێکی پیـرۆز بکـاتە بنـاغەی ناسـیۆنالیزم و دەوڵەت ساز بکات .

بـۆیە کـورد دەبێـت قۆنـاغی گەیشـتن بە نەتەوەییبـوون تەواو بکـات، وەک چـۆن نەتەوەی ئەڵمـانی توانیـان بە قورسـی و ڕەنجـی زۆر بـگەن بەم قۆنـاغە، کـورد دەبێـت دەسـت بکـات بە گەشـەدان بە یەک کولتـووری نەتەوەیـی و زاڵکردنـی بەسـەر هەمـوو کوردسـتان تـا یەک نەتەوەی کـورد دروسـت بێـت بە سـازکردنی ناسـنامەی کوردسـتانیبوونی کە هەمـوو کەمـایەتییە ئـایینی و نەتەوەییەکـانی تـر دەتـوانن وەک هاووڵاتی پـلە یەک خۆیـان تێـدا بـدۆزنەوە و ژیـانێکی بـاش بـۆ خۆیـان بەردەست بـخەن، دیـاریکردنی خـاکی پیـرۆزی کوردسـتان و دان نـان بەوەی ئەمە کوردسـتانە، زاڵکردنـی یەک شـێوەزاری کـوردی وەک زمـانی کـوردی و زاڵکردنـی وەک زمـانی فەرمـی، بـرەودان بە مێـژوو، بـۆ بەهێزکردنـی هەسـتی ناسـیۆنالیزم و شـانازی، بـۆ هانـدانی تاکەکـان تـا کـار بکەن بۆ نەتەوە و نەتەوە مەزن بکەن.